# بۆچوونۆکەیەک



خالەبەکر/هۆڵەندا

گەنج ئەو هێزە بەتوانایەیە کەسەرجەم کۆمەڵگای مەدەنیەت لەڕوانگەی ئەوبونیادەوە هەمیشە خۆی بونیات ئەنێتەوە،هێزو تواناش تەنها هێزو بازوو ناگرێتەوە،بێ گومان گشت گەنجێک هێزوبازووی بەبەراورد لەتەک ئەو مرۆیانەی کەبەتەمەنن وەیان لەخۆیان هەڵچوترن پتر سودو بەخشش دەبەخشنە کۆمەڵگا،لێرەدا هەموو هێزوتوانایەک و هەموو هێزووبازویەک ناخەینە یەک ئاست، وەیان یەک تای ئامیرێکی کێشان،لەم دیدو ڕوانگەو بیرو بۆچونانەوە دەتوانین ئەم توێژە بەهێزە لەبن نەهاتوەی کۆمەڵگا بکەین بەچەند بەشێکەوە،لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین هەموو گەنجێک بەیەک دید تەماشا بکەین،چونکە گەنجی کەم ئەندامامان هەن و گەنجی دواکەوتتە ژیریشمان هەن و گەنجی ئاساییو کارامەشمان هەن،جا ئەو کارامەییە لەچ ئاستیکدا خۆی دەبینێتەوە ئەوە بێ گومان لەو بارەیەوە حوکمی تاکە کەس و حوکمی کۆمەڵگاش دەیگرێتەوە،وەک ئاشکراو ڕوونە خێزان گرنگترین و سەرەکیترین شانەی کۆمەڵایەتی و قوتابخانەو مەنزڵگای پەروەردەییە،لێرەشدا پەروەردە بەدڵنیاییەوە لقی تایبەتی لێ دەبێتەوە،پەروەردەی سەقەت..پەروەردەی ئاشی نەزان و قەزاوقەدەر..پەروەردەی شایستەش...ئەمانە بەگشتی داک و باب لێی بەرپرسیارن بەتایبەتی داک و بابی ڕۆشنبیر(ڕۆشنبیریش مەبەست لەوە نیە کەدەبێت ئیلان و بیلان داک و باب دەبێت سەوادیان هەبێت) ئەمە جگە لەژینگەو دەوروبەر کەتا چ ڕادەیەک کاریگەری تایبەتی خۆی لەسەر گەنج هەبووە،وەیان ئەو ژینگەو دەوروبەرەی کەداک و باب تیایدا پەروەردە بوون و هەنوکە فەرهەنگ و کلتورو داب و نەریتی خۆیان بەکۆرپەکەی خۆیان دەفرۆشنەوەو بەهیچ کلۆجێک ڕێ نادەن و هەمیشە بەربەستێکی پۆڵایینن لەئاست خواست و ویست و بەهرەکانی کۆرپەکەیاندا بەبێ ئەوەی بزانن و هەست بکەن کەئەم شێوە ڕەفتارە کەسایەتیەکی سەقەت و ڕاڕاو سەرلێشێواو لەخیزانەکەدا دروست ئەبێت و پاشانیش کۆمەڵگا بەدەستێوە دەناڵێنێت، ئەمانە زۆر بەکورتی گرفتی سەرەکین لەڕەوش و ژیانی گەنجدا،گەر بێت و بەراوردێکی خێراش لەنێوان گەنجانی ئێستاو گەنجانی هەفتاکان و کۆتایی هەشتادەکان بکەین ئەوە بێ گومان دەتوانین تاڕادەیەکی ئەوتۆ بەراوردیک لەنیوانیانا بکەین و لەبارەیەوە بدوێین.کەس نیە بەقۆناغی گەنجێتیا تێنەپەڕیبێت،ئەو قۆناغەش قۆناغی سوپەرمانی بووە،لەزۆر کاتدا گەنج شای بەسەپان نەزانیوە ئەوەی مەحاڵ بوبێت بەگژیدا چوە تا چ ڕادەیەکیش سەرکەوتنی وەدەست هێنابێت ئەوە لەدوا ڕۆژدا بیری لێ دەکاتەوەو پەرە بەپەرە بیرەوەرێکانی خۆی تاووتوی دەکات و لەو ڕوانگەیەوە هەندێک جار پەستی دایدەگرێت و پەنجەی سوپەرمانی دەگەزیت و هەندێک جارێش شانازی بەهەندێک کردەوەو هەڵویستی خۆیەوە دەکات،ئەمە قۆناغێک بووەو ناتوانین بەهیچ کلۆجێک نکوڵی لێوە بکەین،ئەوەی لێرەدا گرنگەو لەبارەیەوە دەدوێین،ئایا..؟گەنج تا چ ئاستێک خۆی دۆزیوەتەوە..!تا چ ئاستێک جێی خۆی لەکۆمەڵگادا کردۆتەوە..؟ بە چ شێوەیەک مامەڵە لەتەک دەوروپشتەکەیدا دەکات..؟ئایا تەنها بەسەرزاری وەیان بەزاری ناخ،وە ئایا بە چ شێوەیەک لەتەک خودی خۆیدا هەڵسوکەوت دەکات..؟ئایا بەو شێوەیەی کەپەروەردەکراوە یان گۆڕانکاری گەر بێت و بنەڕەتیش نەبێت بەسەر خۆیدا هێناوە..؟ئەمانە کۆ گەلێک پرسیارنو پێویستە لەخۆمانی بکەین.

ئەمڕۆکە تەوژمی هاشوهوشێک کەوتۆتە گۆڕەپانەکەوە بەبێ ئەوەی بزانین ئایا گەنج چی دەوێت لەم کۆمەڵگایە؟ بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە وبڵێت ئایا کۆمەڵگا چی لەمن دەوێت؟تۆ بڵێی گەنج ڕۆژێک لەرۆژان ئەو پرسیارەی لەخۆی‌کردبێت؟بەداخێکی گرانەوە ئەمرۆکە گەنج تەنها چاوەڕوانی ئەوەیە ئەو پیداویستیانەی کە هەمیشە خەون و خولیاو خەیاڵیتی کۆمەڵگا بۆی بهینیتە دی بەبێ ئەوەی خۆی برەو بەهیچ گۆرانکاریەک بدات،وادەزانێت ئەوەی ئیتر لەبەر دیدی کچۆلەگەنج و گەنجەکاندا بەڕوکەش پۆشتەو پەرداخ بوو ئیدی وا دەزانیت لەناخیشدا بەهەمان شیوە پۆشتەو پەرداخە بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە گۆڕانکارێکان تەنها خۆیان لەپۆشتەو پەرداخیدا خۆیان نابیننەوە،بگرە لەئاستێکدا خۆیان دەبیننەوە کەجێ پەنجەو مامەڵەکردن لەنێو کۆمەڵگادا سەرنج راکێش بن و سەرنجی کۆمەڵگا بەلای خۆیاندا وەرچەرخێنیت تاوەکو جێی شانازی خەڵکان و دەوروبەربێت چونکە هەڵسوکەوتی بەجێ لەنێو کۆمەلانی خەڵکداو لەنێو هاودەستەی لاواندا سەنگوبەهایەکی تایبەتی دەبەخشیتە بوونی گەنج،ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین کەکەنجەکانمان لەکۆگەلێ ڕەفاهیەتی ژیان بێ بەشن،ئەمەش ڕایەکی ڕەها نیە چونکە هەموو گەنجێک یەک بارودۆخی تایبەتی نیە،هەموو گەنجێکیش ئاستەنگوبارودۆخەکانیان هاوچون و هاوچەشن نین تاوەکو گشتیان لەیەک بیمارستانی چارەسەریدا گردبکەینەوەو بەئاسانی دەست نیشانی عیللەتەکانیان بکەین،دەبیت پێش هەموو شتێک گەنج خۆی توانای ئەوەی هەبیت دەست نیشانی عیللەتەکەی بکات بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هاوکاری کردنی هیچ لایەنێک بێت،ئێمە پێش وەخت ئاماژەیەکمان بەگەنجی ئێستاو گەنج و نەوەی ساڵەکانی هەفتاکان و کۆتایی هەشتادەکان دا،کەئەتوانم بڵێم لەبنەڕەتدا جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لەنێوان ئەم دوو نەوەیەدا،گرنگترین جیاوازیش ڕۆشنبیریە لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە سەردەمی خۆ ڕۆشنبیرکردن بوو سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتی و کارەساتانەی کەڕووبەڕووی گەنجی ئەو قۆناغە دەبۆوەو ڕێژەیەکی بەرچاویشیان لەپێناو تێرکردنی حەزە هەرزەکاریکانیانا بوون بەپاڵپشتی ڕژێم و پشتیان کردە میللەتەکەیان و بازرگانیان بەسەر ڕۆحی هاوگەنجەکانی خۆیانەوە ئەکرد کەبەپێویست و گرنگی نازانم لێرەدا درێژەی پێ بدەم و جودا وازی لەنێوانیانا بکەم سەرەڕای ئەوەی گەنجانی ئەو قۆناغە سوتەمەنیەکیش بوون بۆ ئەو دەسەڵاتەی کەگەنجانی ئێستا دەنگی نارەزایی خۆیان بەرامبەری هەڵدەبڕن،کەئەمەش مافێکی ڕەوای خۆیانە چونکە ئێستا قۆناغێکی جیاوازترە وەک لەو قۆناغە سەختەی ئەوسا کەگەنج بەهەردوو توخمەکەوە خۆی بۆ تەرخان کردبوو،لێ هەنوکە بارودۆخەکە بەشێوەیەکی تر کەوتۆتەوەو بەهۆی ئیحتیکاکێکی ئێجگار نزیک و تەشەنەوە لەنێوان شارستانیتی ئۆروپاو هەرێمەکەمانەوە کەجاران دوور بەدوور بەشێوەی نەزەری مامەڵەی لەتەکدا دەکرا ئەمڕۆکە بوو بەئەمری واقیع و بەعەمەلی کەوتە نێو گەنجەکانمانەوەو گەنجی خستۆتە بارودۆخێکی ترەوەو توشی تێکشکانو داڕوخان کردوە(لێرەدا مەبەستمان هەموو گەنجێک نیە) چونکە ئەم هاوتێکەڵیە(احتکاک) خواست و ویست و ئارەزۆکانی گەنجانی خۆمانی زیاترکردو بوو بەخەون و خەیاڵ لەلای.

دەسەڵات ئەمڕۆکە لەئاست خواست و ئارەزۆکانی گەنجاندا بەرپرسێکی گەلێ کەمتەرخەمە،بەتایبەتی لەئاست ئەو گەنجانەی کەکۆتایی بەخوێندن دەهینن و دەکەونە دۆخێکی ترەوە کەئەویش خۆی لەبێ کاریدا دەبینێتەوە چونکە تا گەنجێک دادەمەزرێنیت سەد پیرە خانەنشینم بۆ دادەمەزرێنێتەوە بەبێ ئەوەی ئاوڕێکی جدی لەهێزو توانای ئەو گەنجە بەهرەدارانە بداتەوەو لەشوێنە شیاوەکاندا دایانمەزرینێت تاوەکو هەست بەبوونی خۆیان بکەن و پلان بۆ دواڕۆژی خۆیان دابنێن،دەسەڵات بێ ئاگایە لەوەی ڕۆژانە کەدەیەها گەنج بەنێرو مێینەوە دەکەونە ژێر ڕکێفی قۆستنەوەو لەخشتە بردن و لێشاوی هزروبیری ئیسلامێکانەوە(کەڕژێمی بەعس هێندە مەترسیدار نەبوو هێندەی ئیسلامی سیاسی ئێستا) سەرەتای یەکەم هەنگاویشیان بیر لەباش کردنی باری ئابوری گەنجەکە دەکەنەوەو پاشانیش خوشکێکی دینی و ئیمانیی لەیەکتری مارە دەکەن و(تەزاوج کردن) دەیکەنە فیداییەکی خۆیان دژ بەخواست و ویستی

نەتەوەی کوردو هەموو شتێک لەقاموسی گەنجەکەدا مەحف دەکەنەوەو دەیسڕنەوە جگە لەیەک شت نەبێت..!کەئەویش موسوڵمانێتیە..!موسوڵمانێتی زمانی نیە..!موسوڵمانێتی توخم و رەگەزی بۆ نیە..!موسوڵمانێتی نەتەوەی لاگرنگ نیە..!لێ دەسەڵات لەگەڵ خۆیداو لەگەڵ گەنجانی ئێستادا بەهیچ شێوەیەک ڕاستگۆنیە،جونکە دەسەڵات لای ڕوون و ئاشکرایە گەنجی ئەمڕۆکە چاوەڕێی چ خواست و وێستێکە لەکۆمەڵگاکەماندا،دەتوانێت لەڕێگەی بەناو ئەو سەنتەرو ڕێکخراوانەدا کەبەناوی گەنجانەوە لەگۆڕێدان و لەهەموشی سەمەرەتر کەگەنج بەڕێوەی نابات و پێویستە گەنجان خۆیان سەرەوکاری دامودەزگاکانی خۆیان بکەن چونکە تێگەیشتنی گەنجان لەئاست یەکتریدا گەلێک ئاسانترە وەک لەوەی کەسانێکی نەریت پارێزو کۆن پارێز کەدژ بەخواست و ویست و ئارەزۆکانی گەنجان بن،وەهەروەها پێویستە لەڕێگەی ئەو سەنتەرو ڕێکخراوانەوە تا ئەوکاتەی کەگەنجەکە دادەمەزرێت بیمەیەکی بژێوی ژیانی بۆ تەرخان و دابین بکرێت و هەندێک لەکەلەبەرەکانی ژیانی خۆی پێ چارەسەر بکات،وەهەروەها ئەو گەنجانەی کەبارودۆخ یارمەتیدەریان نەبوون کۆتایی بەقۆناگەکانی خوێندن بهێنن هەمویان ببنە ئەندام لەو سەنتەرانەداو وەزارەتەکانیش لەڕێگەی ئەو سەتتەرانەوە کارمەند بۆ دامودەزگانی دامەزرێنیت.ئیدی لەم ڕوانگەیەوە پێم وابیت ڕێژەیەکی بەرچاوی ئاستەنگەکانی گەنجان بەرەو چارەسەرکردن دەچێت.

خوێنەری بەرێز ئەم وتارە لەسەر خواستی کاک ئاسۆعەلی نوسراوە کە بەئیمایل تەکلیفی لێ کردم، بەوێنەیەک و ناونیشانی خۆمەوە بۆی بنێرم،کەگوایە تەوەرێک لەڕۆژنامەی خەبات لەمەڕ گەنج دەوروژێنێت منیش وەک بەهاناچونەوە بەدەم خواست و هاناکەیەوە چوم،وێڕای ئەوەی بەئیمایل ئاگاداری کردمەوە کەچاوەڕێبم لەلاپەڕەی شەشی ڕۆژنامەکەدا بەم زوانە بڵاودەبێتەوە،لێ بەداخەوە ڕاستگۆیی خۆی لەدەستدا،ئەمە نەک تەنها لەتەک بەندەدا بگرە لەتەک هەندێ نوسەری دیکەشدا ئەم ڕەفتارو هەڵوێستەی نوانووە،لەبەرهەندێ وەک ئەوەی کەوتارەکەم نوسیوەو کاتیشی لێ زەوت کردم بەباشم زانی بەهەمان شێوە چۆن بۆم ناردوە بەبێ دەستکاری بڵاوی بکەمەوە.....خوێنەری ئازیز ئەمەش وەڵامی ئیمایلەکەی کاک ئاسۆعەلی یە، پاش گەیشتنی وتارەکەم.

Zondag 11 maart 2007 6:55:18

**aso ali** (aso_ali2003@yahoo.com)
Aan: baker mohammad (bakeramin@hotmail.com)

Onderwerp: RE: SLAW

Coderen: Automatisch selecteren

گەیشت و لەم ڕۆژانە لەلاپەڕە 6 ی خەبات بلاو دەبتەوە